قسەیەکی تر

# پەرلەمانی ئەکتیڤ و پەرلەمانتاری ئەکتیڤ

پێشەنگ عەبدوڵا

ئەوەی لەپاش (٢٠٠٩/٧/٢٥)و ئێستاش پاش زیاتر لە دوو ساڵ لەدەست بەکاربوونی خولی سێیەمی پەرلەمان دەوترێت و لێ دەدرێتەوە پەرلەمانێکی جیاوازە لە خولەکانی رابردوو، بەهەرلایەک بیخوێنیتەوە راستە جیاوازەو پەرلەمانێکی ئەکتیڤ هاتۆتە بوون، کەپێشتر بڤە بوو قسەکردن لەسەر هەندێ تەوەرو بابەتی هەستیاری ناوخۆی هەرێم، بەڵام ئەم پەرلەمانە کردیە واقیعی حاڵ.

ئەوەی دەمەوێت لەم کورتە بابەتەدا بیخەمە روو پرسیارێکە لە سەرجەم پەرلەمانتاران، کە ئایا تا چەندە پەرلەمانتاران بەگشتی و پەرلەمانتارە چالاکەکان و ئۆپۆزسیۆنیش بەتایبەت لە کارو هەنگاوو چالاکیەکانیان رازین؟ من بێگومانم (٩٩٪)یان دەڵێن رازی نین و دەڵێن دەبووایە باشتر بووایە، هۆکارو بەڵگەی زۆریش دێننەوە بۆ وەک پێویست نەبوونی کارەکانی پەرلەمان، بەڵام ئایا ناکرێت بوترێت بەشێکی کەمتەرخەمی و ناچالاکیەکەش لە ئەستۆی خودی پەرلەمنتارو لیژنەکاندایە؟ ناکرێت پەرلەمانتارێک باس و بابەتێک بوروژێنێت دوور لە موزایەدەو بانگەشەو شتی تر، تەنها وەک واقیعێک لە خزمەت گەلی کوردستاندا؟ لەکاتێکدا ئەم باس و بابەتە ببێتە جێی مشتومڕو بڕیاری گرنگی لەبارەوە بدرێت؟ بۆ نمونە کام پەرلەمانتار پرسیاری لەحیسابی خیتامی ساڵی (٢٠١٠) کردو چی بەسەرهات؟ ئەگەر کرا بۆ باس نەکراو ئەنجامەکەی بۆ هاووڵاتیان نەخرایە روو؟.. چی کرا لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان و، دواکەوتنی هەمواری یاساکە لە ئەستۆی کێدایە؟ کە بووەتە هۆی دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان، ئایا نەدەتوانرا فشارێک دروست بکرێت بۆ پەلەکردن لەو یاسایەدا؟ ئەی یاسای حیزبەکان چی؟ ئەمانەو چەندینی تر کە پەرلەمانتاران لەئێمەی هاووڵاتیان باشتر دەزانن کە دەکراو دەتوانرا چالاکانەتر هەنگاویان بنایە، ئێستاش نیوەی خولەکە ماوە، دوور لە چالاکی رۆتین و لێدوان و هۆکاری بچوک، دەتوانن شتی زۆر بکەن، لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان لەنێوان ئەندامەکان و لێدوانەکەی سەرۆکی پەرلەماندا بە چ ئاقارێکدا دەچێت؟ لەکاتێکدا ئەمە لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندانییەو هەمووان کۆکن لەسەر ناچالاکی لیژنەکە و ئەندامە دەست لەکار کێشاوەکانیش شاهێدن، لیژنەکانی تریش هەروەها.

لەلایەکی ترەوە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان چی لە لەبارەوە دەکرێت؟ ئەگەر گلەییەک لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت، چ پرۆژەیەک لەبەر دەستدایە تا ئایندەی کاری پەرلەمان بەرەو چالاکی ببات دوور لە دەستی حیزبی و ویستی دوو پارتی دەسەڵاتدار؟ گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی حکومەت و کابینەی نوێ بۆ دوساڵی داهاتوو چەندە لەخواستی خەڵک و پەرلەماندایە، ئایا وەک پەسەندکردنەکەی پێشوو دەبێت خاڵی جیای نێوان پەرلەمانتارانی هەردوو بەرەکە، یان دەگونجێت تێکەڵی لەدەنگدان و دەنگنەداندا دروست بێت؟

تا چەندە بەدواداچوون دەکرێت بۆ ئەو چەندین پرۆژە یاسایانەی پێشکەشکراون و ناخرێنە بەرنامەی کارەوە؟ ئەگەر هەروا بڕوات هەڵوێستی پەرلەمانتاران بەگشتی و ئۆپۆزسیۆن بەتایبەت چی دەبێت؟ دووساڵی ئایندە وەڵاممان دەداتەوە..

## به بۆنەی جەژنی قوربان و ساڵیادی رێکخراوی یەکگرتووی خوشکانەوە

# لە هەولێر پێشانگایەک بۆ حیجاب دەکرێتەوە

شۆرش کۆیی ـ هەولێر

بە بۆنەی نزیک بوونەوەی (١٧) ساڵەی دامەزراندنی یەکگرتووی خوشکانی ئسلامی کوردستان و هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز لقی هەولێری یەکگرتووی خوشکان هەستا بەکردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت بە جلوبەرکی ئافرەتان , لەمبارەیەوە (کەژاڵ هادی) بەرپرسی لقی هەولێری یەکگرتووی خوشکان گووتی: ئەم پێشانگایە بەبۆنەی نزیک بوونەوەی (١٧) ساڵەی دامەزراندنی یەکگرتووی خوشکانی ئسلامی کوردستان و هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزە بەهاوکاری حیجابی ئایە هەستاین بەکردنەوەی ئەم پێشانگایە بۆ زیاتر خزمەت کردنی خوشکان وەهاندانیان بۆ پۆشینی حیجاب , لەگەڵ ئەوەش داشکانێکی بەرچاو وەک هاوکاری بۆ بالا پۆشەکان کراوە کە ماوەی شەش رۆژ ئەم پێشانگایە بەردەوام دەبێت لە هۆڵی (شەهید فوئاد چەلەبی) تەنیشت مەڵبەندی دووی یەکگرتوو.



# چەند تێبینییەک بەر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی

واباشە هاوسەرگیری لەنێو خزمان نەکرێت: بەتایبەتی خزمی پلەیەک، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زۆر دەریانخستووە کە گرفتە تەندروستیەکان و گۆڕانە جەستەییەکان، بەرێژەیەکی زۆر لەگەڵ نزیکبوونەوەی خزمایەتی زیاتر دەبێت.


9


8

# لەداهێنانێکی نوێدا، لەمەودوا گەشتیارانی وڵاتی هۆڵەندا بەپاس بەناو ئاودا دەڕۆن




# نورەدین نیک ڕەوش . پسپۆڕی هونەریی و شارەزا لە بواری ڕاگەیاندندا:

«پێویستە رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو دیدگایەکی زانستیی هەبێت و خۆی بە خزمەتکاری کۆمەڵگا بزانێت».


10

# لەمەڕ ڕۆشنبیر..

هەوڵێک بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کاری ڕۆشنبیریی و کەسێتی و ئەرکی ڕۆشنبیر

14


یەکگرتوو
www.yakgrtu.org
ژمارە (٨٦٢)
دوو شەممە ٢٠١١/١٠/٢٤ ز
ساڵی حەڤدەهەم
www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤



ناونیشانی رۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەڕەکی تەیراوە - بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی - دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان